Digitally signed by www.kurdistannet.org/
cn=www.kurdistannet.org/, ou=www.kurdistannet.org/, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.08 01:59:16 +03'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# بۆ مرۆڤە مەزنەکەی مێژوو(مەنسور حیکمەت)

## ناڵە حەسەن/ کەنەدا



چ ئەستەمە / کاتێك بارانە خەماوییەکانی زەمەن تەرمان دەکات و فرمێسکەکانی گەڵاش سەمفۆنیا تراژیدیاکانی خۆی بۆ تریفەی شەوە سوورەکان دەژەنێ .

هەرگیز ئێوارە ئەسمەرییەکانی مێژوو و هەورە هێمنەکانی وەرزەکانم بەقەت دوێنێ لێو بە بار و دڵ بەخەم نەبینیبوو .

ئاخر دوێنێ دڵی مرۆڤێك لە لێدان کەوت / کە بە قەت بەرینایی هەموو سروشت دڵی پربوو لە ئەوین و خۆشەویستی ... بە قەت قوڵایی هەموو دەریاکان دڵی پربوو لە خەونی جوان ... لە ووشە نەغماوییەکانی موحیبەت ... لە بەهارە ئەبەدیەکانی ئایندە .

ئاخر دوێنێ دڵی مرۆڤێك لە لێدان کەوت / چاوەکانی ئاسمانێك بوون لە بینایی , مەشخەلێك بوون لە روناکی , شەپۆلێك بوون لە رەنگە گەرمەکانی شۆرش .

ئەو شۆرشەی / وەرزەکان و باڵندەکانی بە فرین هێنا . باران و درەخت و گەڵاکانی بە سەما هێنا ... !

ئەو شۆرشەی فووی لە چراکان کرد و هێمنی بەخشی بە سپیدە و نەمری بەخشی بە ئاگر و سەوزایی بەخشی بە باخچەکان ... !

دوێنێ دڵی مرۆڤێك لە لێدان کەوت / ئەو مرۆڤە پەنجەکانی سیدییەك بوون لە گۆرانی منداڵانە , بۆ ئەو منداڵانەی هەتا ئێستا خەونی منداڵانەیان نەبینیوە , خەندەکانی ئاوێنەیەك بوون لە ئازادی , بۆ ئەو ژنانەی هەتا ئێستا مانگە شەوی ئازادیان نە بینیوە .

پەنجەرەیەك بوون پر لە سەفا بۆ ئەو هەژارانەی هەتا ئێستا چرکەیەکیان پر بە ئۆخەی حەزەکانیان نەچەشتووە .

ئەو مرۆڤە قەلەمەکەی سروودێك بوو لە راسان و لە برووسکە , شەقامێك بوو لە کەرنەڤاڵی توورەیی , مەملەکەتێك بوو لە پشکوتنی پنجە گیا , کۆنسێرتێك بوو لە هەستانی شیعر و سێلاوێك بوو لە بالاکردنی مۆسیقا ... !

ئای چ ئافاتێکە ئەم ساتانەی کە مێژوو دەگرییێ و پر بە گەرووی هاوار دەکات و دەڵێ ..

ئێستا دڵم چیمەنێکە پر لە برین , چاوەکانم رووبارێکە پر لە حەسرەت , هەموو جەستەم شنەبایەکە لە هەڵوەرین و لە هەناسە گەرمەکانی کۆڤان ... !

سلاو / ئەی مرۆڤە دڵ بە جۆشەکەی نێو گۆرانیە بە سۆزەکانی پەڵکەزێرینە .

سلاو / ئەی سنەوبەرەکەی نێو مەنزڵگە بەهارییەکانی ئومێد .

سلاو / ئەی پێدەشتە سەرمەدیەکانی سەرفرازی .

سلاو / ئەی مرۆڤە مەزنەکەی مێژوو , ئایندە بە تۆوە جوان بوو , زەمەن بە تۆوە شاد بوو , مرۆڤایەتی بە تۆوە خونچەیەك بوو پر لە مانا .

شۆرشیش بە تۆوە وەرزەکانی خونچەتر و سەوز ترو ئاڵتر دەبوو . بەلام دڵنیابە / ئێمەش هەتا دوا پەنجەرە داخراوەکانی هیواکانمان دەکەینەوە . هەموو بەیانیان بە نەسیمی نێو سروودەکانت چاو هەڵدێنین و بە گولاڵە بۆنخۆشەکانی نێو دڵی تۆش هەناسە دەدەین . دەزانم ئەی هاوریێکەم لە ژوورەکەی ئەودیودا خەوتووی هەرگیز لێمان دوور نەکەوتییەوە هەرگیز هەرگیز ... !

2002/7/5